زانكۆی سەلاحەددین / كۆلێژی پەروەردە

بەشی پەروەردەی تایبەت/ قۆناغی سێیەم

بابەت: جیاوازی تاكایەتی/ بانكی پرسیار

.......................................................................

پ١/ باسی ئەو بیروبۆچوونانە بكە كە دیاردەی یەكسانی وجیاوازی لە نێوان تاكەكان لیكدەداتەوە.

پ٢/ پێناسەی جیاوازی تاكی بكە.

پ٣/ لەگەڵ ئەوەی كە زاناكان كۆكن لەسەر جیاوازی نێوان تاكەكان، بەڵام لە واقیعدا ناكرێت خەڵكی بۆ شێوەی جیاجیا پۆلێن بكرێت، هۆی ئەمە چییە؟ ص ١٥

پ٤/ ئەفلاتون لە پەرتووكی دووەمی كۆماریدا خەڵكی كردۆتە (٣) سێ چین، بەوردی لەسەری بدوێ؟ ص١٦

پ٥/ باسی بۆچوونی ئەرستۆ بكە دەربارەی جیاوازی تاكایەتی، روانگەی ئەم زانایە دەربارەی تاكەكان وكۆمەڵەكان روون بكەوە؟ ص ١٦-١٧

پ٦/ لە ساڵی ١٨٦٩ فرانسیس جاڵتۆن پەرتوكێكی بڵاوكردەوە بە ناونیشانی بلیمەتی بۆماوەیی كە جیاوزای تاكی روون دەكردەوە، بە وردی لەسەر توێژینەوەكەی لەم بارەیەوە بدوێ؟ ص ١٨-١٩

پ٧/ بۆچی فرانسیس جاڵتۆن لە توێژینەوەكەی بۆ درەختی خێزانی (شجرة العائلة) ئاماژەی بە سەركەوتنی (تفوق) ئافرەتان ناكات؟ ص١٩

پ٨/ بۆچی فرانسیس جاڵتۆن لە لێكدانەوەی بۆ جیاوازییە تاكییەكان چرِبۆوەوە سەر لایەنی بۆماوەیی؟ ص١٩

پ٩/ بۆچی گرنگی جیاوازی تاكی بەشێوەیەكی ئاشكرا لە بواری فێركردندا دەردەكەوێت؟ ص١٩-٢٠

پ١٠/ بۆچی زۆربەی جیاوازییەكانی نێوان خەڵكی، جیاوازییە لە برِەكان نەك لە جۆرەكاندا؟ ص٢٢

پ١١/ فەیلەسوفی فەرەنسی هنری برجسون پێی وایە كە جیاوازی گەورە لە پلە دەشێت بگۆردرێت بۆ جۆر. ص٢٣

پ١٢/ گرنگترین جۆرەكانی جیاوازی تاكی بژمێرەو لەسەر جیاوازییەكان لە خەمڵاندنی گەشەكردندا بدوێ. ص٢٣

پ١٣/ گرنگترین جۆرەکانی جیاوازی تاکی بژمێرەو لەسەر جیاوازییەکان لە نێوان قوتابیان بدوێ. ص٢٣ومابعدها

پ١٤/ گرنگترین جۆرەکانی جیاوازی تاکی بژمێرەو لەسەر جیاوازییەکان لە توانا هزرییەکان بدوێ. ص٢٣وما بعدها

پ١٥/ گرنگترین جۆرەکانی جیاوازی تاکی بژمێرەو لەسەر جیاوازییەکان لە حەزو ئارەزووکان بدوێ. ص٢٣ وما بعدها

پ١٦/ گرنگترین جۆرەکانی جیاوازی تاکی بژمێرەو لەسەر جیاوازییەکان لە سیماو روخسارەکان بدوێ. ص٢٣ ومابعدها

پ١٧/ بۆچی منداڵان و هەرزەکان بە خەملاندنی جیاجیا گەشە دەکەن؟ ص٢٣

پ١٨/ بۆچی پرسیارکردنی کامیان گرنگترە لە دەستنیشانکردنی ژیری تاك، بۆماوە یان ژینگە کاریگەرێکی بێ مانایە.ص ٣٤

پ١٩/ باسی (٢-٣) لەو توێژینەوانە بکە کە سووربوون لەسەرکاریگەری بۆماوە لەسەر ژیری تاك؟ص٣٤-٣٥

پ٢٠/ باسی دەرئەنجامی توێژینەوەکانی ( نیومان- فریمان- و هولزنجر) بکە دەربارەی جمکە لێکچوو لێکنەچووەکان. ص٣٤-٣٥

پ٢١/ باسی (٢-٣) لەو توێژینەوانە بکە کە کاریگەری هۆکارە ژینگەییەکان دەردەخات لەسەر سیماکانی تاکەکەسیدا؟ص٣٥

پ٢٢/ چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ئاستی کۆمەڵایەتی وئابوری باوان و ژیری منداڵەکانیان؟ ص٣٥

پ٢٣/ چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان قەبارەی خێزان وئاستی ژیری منداڵەکانیان؟ ص٣٥

پ٢٤/ ژینگەی خێزان چ کاریگەرییەك دروست دەکات لەسەر ئاستی زمانەوانی و قسەکردنی منداڵەکانیان؟ ص٣٦

پ٢٥/ باسی کاریگەری رەگەز(نێر ومێ) بکە وەك هۆکارێك بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی تاکی لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی مرۆڤ. ص٣٧-٣٨

پ٢٦/ دەشێت (٢) دوو کەس یەك ئەنجام بەدەستبهێنن لە تاقیکردنەوەی ژیری لەگەڵ ئەوەشدا دوو وێنەی ژیری جیاوازیان هەبێت، هۆکار چییە؟ ص٤٣

پ٢٧/ زانا –مارگریت مید- لەسالی ١٩٣٥ توێژینەوەیەکی لەسەر (٣) سێ ژینگەی جیاوازدا ئەنجامدا، بەوردی لەسەری بدوێ. ص٥٧

پ٢٨/ زاناكان هۆكاری نزمی ئاستی ژیری رەش پێستەكان بەراورد بە سپی پێستەكانی ئەمریكا بۆچی دەگەرێننەوە؟ص٥٩

پ٢٩/ بەخشتە فاكتەرەكانی پێكەوەلكانی نێوان ئەنجامی ژیری بۆ جمكەكان و براكان روون بكەوە.ص٩٧

پ٣٠/ ئەو توێژینەوانەی دووپاتیدەكەنەوە كە ژیری سیفەتێكی بۆماوەییە تا رادەیەكی زۆر بریتیە لەو توێژینەوانەی كە لەسەر جمكەكان كراوە، بە وردی باسی بكە.ص٩٦

پ٣١/ یەكێك لەو رێگایانەی كە بەكارهات بۆ سەلماندنی كاریگەری بۆماوەو ژینگە لەسەر ژیری تاك، رێگەی هەتیوەكانە ( مندالّی پەناگە) روونی بكەوە.ص٩٩

پ٣٢/ یەكێك لەو رێگایانەی كە بەكارهات بۆ سەلماندنی كاریگەری بۆماوەو ژینگە لەسەر ژیری تاك، رێگەی مندالّانی دەگرێنەخۆ ( الاطفال المتبنین) روونی بكەوە.ص١٠١